

R.Mustafa-Soltani

# بێ حورمەتی بە ژنانی ئازادیخوازی کورد !

ڕەشاد – مستەفا سوڵتانی

سوید : 01 07 2015 (پووشپەڕی 1394 ی هەتاوی )



مێژوو ، بەپەلە داوری ناکات . ئیستا کەمالیستەکان ، فاشیستەکان، باوڕمەندانی تورک بە یاسا کۆنەکان، چەپ و شیوعییەکانی لایەنگری ئیرانی یەک پارچە ،ئیسلامی سیاسی ، بەعسیەکانی عێراق و سووریا، جمهوری ئیسلامی ئێران، هەموویان بەرەی دژی دیموکراسی و ئازادی گەلی کوردیان پێک هێناوە . ژنڕال ئوردوغان ، کە ئیستا ناتو بڕیاری شەڕلە گەڵ، کوردی پەسەند نەکردووە ، بەرەو بارەگای سۆڤیەت سەفەری کردووە ، بەڵکوو دڵی ژنڕاڵە روسەکان ڕازی بکات و یارمەتی لوجستێکی بۆ قەڵاچوی

کوردی باکوور و ڕۆژئاوا وەر گرێت . پێوره مرۆڤایەتیەکان ، خەباتی پێشمەرگەکان و گریلاکان بە ئاشکرا سەلماندویانە ئیتر ئەم جارە شکستی گەلی کورد مەحالە و مەحاڵ .

وەرچەرخانێک لە شێوە ی خەباتی گەلی کورد هاتوتە ئاراوە و لەم پێڤاژەیەدا، بەشداری کچان و ژنانی شۆڕشگێڕ زۆر زۆر بەرچاوە و لە سەر بزووتنەوەی گەلی کورد کاردانەوەی چاکی هەبووە . ماسمێدیای دونیای مۆدێڕن و گلوبال ، هەر ڕۆژە چالاکی ژنانی پێشمەرگە و گریلا بانگەواز دەکەن . خەباتی شارستانی و عەدالەتخوازانە ژنانی کوردستان ،ستاتوس، ئیعتبار و پێگەی جیهانی گەلی کوردی بەرز کردوەتەوە . لەم بار و دۆخەی ئیستادا، ژنانی کوردستان، خولقێنەری متمانە و باوڕ ، سەربەرزی و کەرامەتن . سەدان ساڵە داگیرکارەکان بۆ ، مەبەستی گڵاوی خۆیان ئەوەی لە دەستیان هاتوە دژی بزووتنەوەی ڕادیکاڵ و ئازادیخوازانەی گەلی کورد کردوویانە . داگیرکاران دەیانەوێت دیسانەوە شارۆمەندانی کوردستان وەک جاری جاران موستعمەرە ی هاوبەش و خەڵکی کوردکۆیلەی بن .

بە تایبەت هەموو هەڵویستە سیاسیەکانیان دژی ئازادی و سەربەستی ژنانە . خەباتی گەلی کورد بەو ئاستە گەیشتوە ، کە ئازادی بیر و باوەڕ ، و جیایی دین لە دەولەت و دیندار و بێدین ، باوڕمەندانی ئاینەکانی تر وەک: مەسیحی، ئیزەدی، کلدانی، ئاشوری، یارسان، شەبەک ،کاکەیی و یەهودی ژیانێکی شارستانی و پێشکەوتویان پێکەوە هەبێ و دیاردەی " پلۆڕالیزم " حاکم بێت . بار و دۆخی دیموکراسی و یەکتر قەبوڵ کردن ،بەستێنی کومەڵگای کوردستانە و ، ئەم دەسکەوتە مێژوویيە يەک دریا خوێنی هەڵلوشیوە و بۆ شارۆمەندانی کورد بە نرخ وگرانبەهایە .

ئەم وێنەیە، سوکایەتی و بێ حورمەتی نا مرۆڤانە و دڕندانەی سەربازێکی کەمالیست ، دەر حەق بە گریلایەکی گیان بەخت کردوو ،بە شیوەیەکی فاشیستی نیشان دەدات . ئەم کچە قارمانە ، لە ئاسۆی ئەو سەر نادیاری مێژووی مرۆڤایەتی ، سەر بەرزی بەرزتر کردوەتەوە .